www.kurdistannet.org

# (چەپی، ناڕاست) و (چەپی، راست)!




## (چەپی، ناڕاست)

هەر مرۆڤێک کە تەمەنی لە ٨،٧ ساڵێک زیاتر بێ و خاوەنی بیرو هۆشێکی تەواو بێ ماناى وشەی راست و چەپ ئەزانێت. بەڵام بە داوای لێبوردن چەن نموونە باس ئەکەم. خەڵک لە رۆژدا چەندین جار ئەڵێن:( ئەو کەسە راست و دروست ئەڵێت، رێگایەکی رێک و راستی هەڵبژاردووە، کارێکی راست و پاک ئەنجام ئەدات) ، هەروەها دەڵێن: (هێندە چەپ و چیرە، ئەوندە لار و چەوتە، ئەوندە پێچەوانە و دوور لە راستی بیر ئەکاتەوە).... ئەو رەستانە ئەبێت بە پێناسەی ئەو کەسەی کە دەربارەی ئەدوێن.

لە جهانی سیاسەتیشدا وشەی چەپ و راست بەکار ئەبرێت، لە مەیدانی سیاسەتدا وشەی چەپ و راست وەک ئەوەی کە خەڵک باسی ئەکەن بەکار نابرێ. بۆ کەسێک، یان رێکخراوەیەک کە رێبازەکەی دژ بە خەڵک بێ و زیان بە بەرژەوەندی خەڵک بە گشتی و هەژاران بە تایبەتی بگەیەنێت، بەو کەسە، یان بەو رێکخراوە دەڵێن راست!

بۆ کەسێک، یان بۆ رێکخراوەیەکیش کە لە پێناو بەرژەوەندی خەڵک بە گشتی و هەژاران بە تایبەتی چالاکی بکات، بەو رێکخراوەیش ئەڵێن چەپ. وشەی چەپی

سیاسی بۆ ڕێکخراوه کۆمۆنیستییەکان بە کار ئەبرێت. وەک ئەزانین لەو ناوچەی کە کوردستانی لە خۆ گرتووە چەندها حیزب لە ژێر ناوی کۆمۆنیستدا چالاکی ئەکەن، وەک حیزبی تودەی ئێران، حیزبی شیوعی ئێراق، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و.... .

ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/١٩ ئەمریکا و بەریتانیا بە مەبەستتی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سەددام حسێن هێرشیان کردە سەر ئێراق. ئەو هێزە مەزنەی ئێراق کە خاوەنی چەند هەزار تانگ و تۆپ ....بوو، لە سەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی ئێراقەوە زۆر بێباکانە گەلی کورد کۆمەڵکوژ ئەکەن و٥٠٠٠گوندی کوردستانیان وێران کردووە، تەنیا چەن ڕوژ توانای بەرگریکردنی هەبوو.

لەو هێرەشەدا هێزەکانی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران کە لە ناوچە ژێردەسەڵاتی ئێراقدا بوون، بە پێی دەنگ و باسی ماسمێدیای جهانی ٢٨ موجاهید کوژران و دەیان کەسیان بریندار بوون. پاشان هێزەکانی موجاهیدین خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی ئەمریکا کرد.

سەبارەت بەو هێرشە بۆ سەر موجاهیدین، هێزە سیاسییەکانی ئێران نارەزایی خۆیان بەیان کرد و نیگەرانی داهاتووی ڕێکخراوەی موجاهیدینن.

بڵاوکراوەی (ئەنترناسیۆناڵ) ئۆرگانی ڕەسمی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران) سەبارەت بەو هێرشە بۆ سەر موجاهیدین وتووێژێکی لە گەڵ ئاغای کورش مودەرسی ڕەئیسی حککا ئەنجامداوە، با سەرنجی کورتەیەکی بدەین.

{(ئەنترناسیۆناڵ: دەنگ و باسێکی وەها لە ئارادایە کە هێزەکانی ڕێکخراوەی موجاهیدین خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی ئەمریکا کردووە. چی بە سەر موجاهیدین دێت؟ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چلۆن سیاسەتێکی هەیە؟).

(مودەرسی: ئەگەر چی کارەکە هێشتا بە باشی روون نییە بەڵام هێزەکانی موجاهیدین وان لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا. ڕاگەیاندراوەکانی ڕێکخراوەی موجاهیدین تەنیا باسی کۆماری ئیسلامی ئەکەن. زانیارییەکانی ئێمە خۆمان لە ئێراقدا بەو جۆرەیە کە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(داورودەستەی جلال تاڵەبانی) و حیزبی شیوعی(کۆپیەی حیزبی تودە) هێرشیان کردوەتە سەر موجاهیدین و لە گەڵ ئەوان کەوتوونەتە جەنگەوە.....

ئەو خەبەرە کە هێزەکانی موجاهیدین خۆیان تەسلیم بە هێزە ئەمریکاییەکان کردووە لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە بڵاو کراوەتەوە. ... ئەوە روون و ئاشکرایە کە

موجاهیدین به دژی ئەمریكا بەشداری لە جەنگی ئەمریكا بۆ سەر ئێراق نەكردووە، بەڵام كەوتوەتە بەر هێرشی ئەمریكا و حیزبە ناسیۆنالستەكانی كورد. ئەم هێرشە بەشێكە لە هاوكاری لە مێژینەی داروودەستەی تاڵەبانی لە گەڵ كۆماری ئیسلامی ئێراندا و رێكەوتن و ئیمتیاز دانی ئەمریكا و ئینگلیزە بە كۆماری ئیسلامی....

من لە سەر ئەو باوەڕم تسلیم بوونی مجاهیدین بە هێزەكانی ئەمریكا، ئەگەر هەواڵەكەی دروست بێت، لانی كەم ئەوانی لە چنگ داروودەستە ناسیۆنالیستە كوردەكان كە هیچ پرەنسیپ و قانوونێك لە بەر چاو ناگرن رەزگار كردووە و ئەمریكا راستەوخۆ دەبێت بە بەرپرسیاری ئەوان. .....

بەڵام ئەم باسە لە دوو روانگەوە گرنگە. لەلایەكەوە چارەنووسی ئەندامانی موجاهیدین كە دیلی ئەمریكاییەكانن بووە بە مەسەلەیك لە نێوان ئەمریكا و ئینگلیز و كۆماری ئیسلامی، ئەم مەسئەلەیە پێوەندی راستەوخۆی بە هەموو ئۆپۆزیسیۆن و خەڵكێك كە بە دژی كۆماری ئیسلامی راپەڕیوە هەیە، هەرجۆرە ساتوسەودای سیاسی لە نێوان دەوڵەتی ئینگلیز و ئەمریكا و كۆماری ئیسلامی ئەوەیش لە سەر حیسابی ئۆپۆزیسیۆن مەحكومە.( انترناسیونال ١٥٥)}.

ئەو وتووێژە دوو خاڵی گرنگی لە خۆگرتووە:

١ـ جەنگی (« ی ن ك » و « ح ش ع ») لە گەڵ (موجاهیدین)

لە گەڵ ئەوەدا هەم یەكێتی نیشتمانی كوردستان، هەم خودی رێكخراوەی موجاهیدینی خەڵكی ئێران بە ڕاگەیاندن بە وتووێژی رادیۆیی ئەوەیان باس كردووە كە لە پرۆسەی هێرشی ئەمریكا بۆ سەر موجاهیدین، جەنگێك لە نێوان هێزەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان و... لە گەڵ موجاهیدین رووی نەداوە. خودی رێكخراوەی موجاهیدین ئەڵێت: (دەوڵەتی ئێران هێزەكانی خۆی بە جل و بەرگی كوردییەوە دەنێرتە سەر هێزەكانی ئێمە)، بەڵام رەئیسی حككا دەڵێت: بە پێی زانیارییەكانی ئێمە یەكێتی نیشتمانی كوردستان وحیزبی شیوعی هێرشیان بردوەتە سەر موجاهیدین. با بزانین ئەم هەڵوێستە لە كوێوە سەرچاوە ئەگرێت:

بەداخە تیئۆریسیەكانی حككا وەها لە مانای چەپ گەیشتوون، كە ئەركی رێكخراوەیەكی چەپ ئەوەیە پێچەوانە راستی و واقعییەكان بۆ خەڵك بەیان كەن..!

سەبارەت بە تەسلیم بوونی هێزكانی موجاهیدین بە ئەمریكا، حككا لە سەر ئەوە باوەڕەیە كە موجاهیدەكان لە چنگ حیزبە ناسیونالیستەكانی كوردستان كە بێ قانوون و بێ پرنسیپن رەزگاریان بووە و ئەمریكا بەرپرسیاری راستەوخۆی ئەوانە.

لێرەیشدا سەرۆکی حککا پێچەوانە بیر ئەکاتەوە، ژیانی بەندییەکانی بەندیخانەی (گوانتانامۆ) کە پۆلیسی نهێنی ئەمریکا نەیتوانیوە تاوانەکانیان بە بەڵگەوە بخاتە بەردەستی داوەرەکان، بەڵام بە کۆت و زنجیرەوە  لە بەندا رایان دەگرن!



ئەو بەندییە هەژارانە بەرەو ئیفلیج بوون دەرون و توانای ئەوەیان نییە بە پێی خۆیان برۆنە بەردەم لێپسراوانی بەندیخانەکە، دەبێت برۆنە ژێر باڵیانەوە. بەڵام رەئیسی حککا دەفەرمێت: باشە ئەوان لە چنگ حیزبە ناسیۆنالیستە بێ پرەنسیپەکانی کوردستان رەزگاریان بووە و ئەمریکا بەرپرسیاری ئەوانە..!



شاعیرێکی مەزنی فارس دەڵێت:

برو قوی شو گر راحت جان طلبی          کە در نظام طبیعت ضعیف پایمال است!

رابەری حککا کارنامەی ئەمریکا کە خاوەنی مافی ڤیتۆیە و...بۆ حیزبەکانی کوردستان دەنووسێ!

٢ـ موجاهیدین، ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامییە؟

ئاغای مودەرسی موجاهیدین بە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی ئەدەنە قەڵەم. بیروباوەری ئیسلامی موجاهیدین:{( فضل اللا المجاهدین علی القاعدین اجرا" عظیما) و دروشمە سیاسییەکەیان:(حکومت اَخوندی و خمینی دجال)} واتە موجاهیدین دژی دەوڵەتی ئیسلامی نییە، بەڵکو دژی دەسەڵاتی خومەینی و جێ نشینەکانی خومەینییە، واتە ئەوە موجاهیدین خۆیەتی کە رێبازی ئیسلامی راستەقینەی بەدەستەوە. ئەو بوختانە گەورەیش بۆ موجاهیدین سازی ئەکات و وەک ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی

www.kurdistannet.org

ئیسلامی ناویان دەبات، هەر لە روانگەی دژایەتی کردنی راستی و واقعییەکانەوە سەرچاوە ئەگرێت کە تیئۆریسیەنەکانی حککا کردوویانە بە رێبازی خۆیان!

جیاوازی{حکومەتی ئیسلامی ئێران بە (رابەرایەتی ئاتولا خومەینی و جێ نشینەکانی)} و {حکومەتی ئیسلامی ئێران بە (رابەرایەتی موجاهیدین} کە اَغای مودەرسی وەک ئۆپۆزیسیون دەولەتی ئیسلامی باسیان دەکات، ئەوە کە لایەنگرانی خومەینی بڕوایان بەو ئینقلابە ئیدئولۆژیکییە نییە کە ئەگەر ژنێک پلەی هۆشیاری گەیشتە ئەو رادەیە بێت بە رابەر، ئەو ژنە دەبێ ببێت بە ژنی رابەر!

بۆ ئاگاداری خوێنەران، پرۆسەی شیمیاییبارانی کوردستان لە سالی ١٩٨٦وە تا کۆتایی١٩٨٩لە لایەن حکومەتی ئێراق ئەنجامدرا. پاش تەواو بوونی پرۆسەکە و دەنگدانەوەی لە جهاندا، لە ژێر زەخت و زۆری جهانی بۆ لێکۆڵینەوە لە بوومبارانی شیمیایی کوردستان، سەد ژورنالیست روویان کردە ئەو ناوچانەی کوردستان کە بوومبارانی شیمیایی کرا بوون. دوو ژورنالیست کە یەکیان ئیتالیایی بوو و ئەوی دیکەیان خەلکی چین بوو، هاتنە لای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ بەدەسهێنانی زانیاری سەربارەت بە شیمیایی باران کردنی کوردستان.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یەکێ لە ئەندامانی دەفتەر سیاسییەکەی کە هەر ئەم ئاغای کورش مودەرسی بوو دەسنیشان کرد بۆ وتووێژکردن لە گەڵ ئەو ژورنالیستانە. ژورنالیستەکان سەبارەت بە بوومبارانی شیمیایی و رادەی زیانی گیانی خەلک پرسیاری لێ دەکەن. ئاغای مودەرسی لە وەلامدا دەلێت:

(ئێمە پێمان باشە سەربارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران قسەوباسمان لە گەلدا بکەن، بەلام سەبارەت بە بوومبارانی شیمیایی کوردستان لە لایەن ئێراقەوە، ئێمە نە بیستوومانە و نەبینیومانە کە دەولەتی ئێراق چەکی شیمیایی بەکار بردبێت!).

ئەو وتووێژە لە گەڵ وێنەی ئاغای مودەرسی، هەروەها لە گەڵ وێنەی کچێکی پێشمەرگە بەناوی (ئامین کاکەباوە) لە گۆڤارێکی کوێتی بەناوی ( ژنانی کوێت) کە پێم وابێت ناوەکەی (ئەمرة الکویت)ی بوو چاپ کرا!

دیارە ئەو وتووێژەیش هەر بە هەمان ئیدئولۆژی دژایەتی کردنی راستی و واقعییەکان، ( چەپی، ناراست) ئەنجام دراوە!

(چەپی، راست) ماوەیەکی دیکە دەیخمە بەردەستان !

٢٠٠٣/٥/١٤ سەعی سەقزی